## خالید رەشید... ئەو هونەرمەندەی هێشتا بەرۆح لەنیشتمانە

**ئیدریس عەلی**

ئەگەر گۆرانییەك رۆح نەخاتە سەماو جەستەنەهەژێنێت.. باشتر وایە توردرێتە نێو زەلكاوی رۆژگارەوە.. ئەگەر گۆرانییەك لەناخی دڵەوە وات لێنەكات بیربكەیتەوەو خەیاڵ پەلت نەگرێت بۆ بەرزاییكانی حەقیقەت.. واباشترە سێدارەی بۆ هەڵخرێتو فرێدرێتە نێو خەرەندی تیاچوونەوە.

ئەز كە گوێ لەگۆرانیەك دەگرم هەست بەچۆڵەوانیو تەنیاییەكی سەیر دەكەم لەچواردەورم.. ئیدی وا هەست دەكەم ژیانم لەنێو ئەداو دەنگو شیعرو ئاوازدا بچوك دەبێتەوەو تەواو وەك مناڵێك خۆی لە عەباكەی دایكی بئاڵێنێ ئاوەها خۆم لەنێو سیحری گۆرایكەدا ون دەكەمو جار نا جارێك سەر بەرز دەكەمەوەو بەژیان دەڵێم: تەماشا چ رووناكیەكم لەبەردەرژێت؟

خالید رەشیدی دەنگ ناسكو هونەرمەند یەكێكە لەو گۆرانی بێژانەی بەردەوام پێویستیم پێەتی گوێی لێبگرمو كەمێك پشوو بەرۆحی هیلاكم بدەم..

ئەو لە چرپیندا خاوەن سەلیقەیەكی تەواو هونەریانەیەو لەتەك ئاوازو شیعردا دڵدارییەكی سەیر دەكات بەتاییەت كەبۆ خۆی ئاوز دانەرو مۆسیقارێكی بەئەزموونەو خاوەن عەشقێكی شێتانەیە بۆشیعر.

لەم ماوەی پێشوودا سیدیەكی نوێی بەناو ( عەشق نامە ) وە.. بڵاوكردەوە كەكۆمەڵێ گۆرانی ناوازەی لەخۆگرتووەو زۆربەی ئاوازەكانی ( خالید ) خۆی دایناوە..لەم بەرهەمە نوێیەیدا جارێكی دیكە بە باڵی رۆح دەفرێتو لەسەر چڵە غەمگینەكانی نشتمان دەنیشێتەوە.. دیسان توانایی لەرادەبەدەری هونەریانەی خۆی نمایش دەكاتەوەو بەدەنگێك كەتەنها بەوگەرووە دەوترێت گۆرانی بەسر باڵای تەنیایەكانی مرۆڤ و نیشتماندا دەڵێت، ئەم سیدییە نوێیە هەوڵدانێكی دیكەی خالیدە بۆ ئاشتبوونەوەی رۆح بە لەگەڵ جەستە... هەوڵدانێكی جدییە بۆ ئەوەی جرێكی دیكە مرۆڤی كورد لە گۆشە تاریكەكانی رۆحدا بەشوێن پرسیارە ئەزەلیەكانی بووندا بگەرێتو دەروێش ئاسا بەشوێن حەقیقەتی ژیاندا وەك عاشقێكی سەودا سەر وێڵ بێت.